# جەنابی سەرۆكی هەرێمی كوردستان تكایە  تكایە !

## حەسارییەك

ماوەی دوو هەفتەیە بە توندی داوا دەكرێ كە  چارەسەرێك بۆ دەشتی هەولێر دابنرێ، كە جەنابت لە هەمووكەس باشتر رۆحیەتی شۆڕشگێری ئەم دەشتی هەولێرە دەناسی ، چ لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلول ، چ سەردەمی شۆڕشی گولآن ، چ لە دوای ڕاپەڕین ، كە چۆن پارتیان دەپاراست .

یەكەم جار داواله خودی پارێزگار كرا ، بەڵكو بە شێنەیی و بە عاقلآنە ئەو جاش و كوڕە ئەنفالچییە لابدات و كەسێكی نیشتمانی بۆ دەشتی هەولێر دابنێ ، ئەوكات ئێمەش سەرمان پێی بڵند دەبوو، بێگومان پارتی و حكومەتی هەرێمیش بە هەمان شێوە.

ئێمە پێمان وایە هەر شتێك كە لە بەرژەوەندی خەڵكەكە بێت ، هەڵبەت لە بەرژەوەندی پارتی و حكومەتی هەرێمیشە.ئەوە مەبدەئی ئێمەیە. كەچی جەنابی سەرۆك ، كاك نەوزاد  كێشەكەی چارەسەر نەكردو، بگرە لەلای هەندێك كەس كە نەوزادیان بینیوە ، بێ هیچ هەڵوەستەیەك هەمووئەوانەی بە جەلالی ناوبردووە،لە كاتێكدا هەندێك لەو نووسەرانە لە دەرەوەن و بە ناوی خۆیان و بە وێنەی حەقیقی خۆیان شتیان لەسەر ئەم مەسەلەیە نووسی، كە هەموویان خەڵكی تێكۆشەرن و رابردوویەكی پاكیان هەیە . بەڵام چیبكەین نووسەران ناناسن . بۆیە ناچار پەنا بۆ سەرۆكی حكومەت بردرا ، كە چارەیەك  بكات ، بەڵام وادیارە ئەویش دەنگی نەبوو، وەك ئەوەی نە

بای بێو نە باران ، بۆیە بە تەئکید لە ناچاری بوو کە  پەنا بۆ بەر جەنابت بردرا ،چونکە جەنابت هیچ بەرژەوەندییەکی شەخسیت لەگەڵ هیچ  کەسێکدا نییەو ، بڕواش ناکەین چاو لە کاری خراپ و دژ بە میللەت بپۆشی . چونکە مەبدەئی جەنابت لە خیتابەکانت ڕەنگی داوەتەوە.

جەنابی سەرۆك ، ئەوە بەرپرسانن ئێوە سەرقاڵ دەکەن ، نەك ئێمەو خەڵك، ئەوە بەرپرسانن راستییەکانتان لێدەشارنەوە، نەك خەڵك ، ئەوە بەرپرسانن ئازارتان پێدەگەیەنن، نەك جەماوەر ، چونکە جەماوەر هەمیشە بەدوای راستییەکان دا وێڵەو بەرپرسانیش هەمیشە لە هەوڵی دوورکەوتنەوە لە خەڵك ولە تۆمەتبارکردن و  تاوانبار کردنی خەڵکن ، نموونە زۆرە بەڵام سەرت نائێشێنم ، تەنها ئەوەندە لە وەزیری ناوخۆو پارێزگار بپرسە ، بەڵگەیان چیە بۆ ئەوانەی کە ئەم داوایانە بەرزدەکەنەوە کە جەلالی بن، خۆ هەندێکیان ناویان ئاشکرایە ، یەکێك لەوانە، یەکێتی نیشتمانی حەپسی کردبوو هەر لە حەپسخانە هەردوو دەستی شکێندراو ، ئێستاش دەستێکی خوارە!!!!!، ئینجا لێیان بپرسە  کاکی وەزیری ناوخۆو موحافیز (خاڵە حەمە ) کەی بووەتە جەلالی ؟؟ لێیان بپرسە  (هەڵۆ گەرمیانی) کوێیەو چ کارەیە ؟؟ بپرسە ناوەندی چاك ، دەستەی باڵاکەی ، هەر هەموویان بەڵێ هەر هەموویان ، خەڵکی رابردوو پاك و تێکۆشەر بوونە یان نا ؟؟هەمیشە لە سەنگەری میللەت دا بوونە یان نا ؟؟؟، ناوەندی چاك جگە لە داکۆکی کردن لە خەڵك و جگە لە بەربەرەکانی کردنی توندی کۆنە

بەعسیەکان و  ورووژاندنی دادگایی‌کردنی ئەنجام دەرانی  کیمیا باران کردنی هەڵەبجەو ،  دیاریکردنی چارەنووسی زیاتر لە ۱۸۲۰۰۰ئەنفال و.....هتد، شتێکی تری هەیە؟؟؟؟  کوێ بوو رۆژی ١٤/٤  ی بۆ رۆژی ئەنفال دیاری کرد ، مەگەر هەر ئەو برادەرانەی ئێستای  چاك نەبوون ، کوێ بوو  نزار خەزرەجی لە دادگای نێو دەوڵەتیدا ، بە رەسمی بە تاوانبار ناساندو ، ئەم دونیا پان و بەرینەی لێ کردبوو بە کونە مشك . کوێ بوو دەیان تاوانباری دیکەی پەلکێشی دادگا کردووەو ، لە دادگای نێو دەوڵەتیدا بە رەسمی فایلی بۆ کردوون ، کوێ بوو .......؟ کوێ بوو .........؟ کوێو........کوێ ....؟؟؟؟ ئەگەر هەر تێبینییەکت لەسەر راستی ئەو نووسینانە هەیە ، ئامادەینە هەموو چالاکیەکانمانت بۆ بنێرین ، کە بەراستی   ئێمە راستین یان بەرپرسەکانت ؟؟ ئێمە درۆ دەکەین یان بەرپرسەکانت ؟؟دڵنیام ئێستا یەکسەر دەڵێی وەللا بەرپرسەکانم درۆ دەکەن ، چونکە بەری خۆر بە بێژینگ ناگیرێت . کەواتە جەنابی سەرۆك چی ئەبێ ئەگەر ئەم جاشەمان بۆ بگۆڕن ، چی ئەبێ ئەگەر خەڵکی ئەم دەڤەرە ئاسوودە بکەن ؟ دڵنیابە ئەگەر خۆت تەدەخول نەکەی  ئەوان لەبەر بەرژەوەندییەکانیان هیچ ئیجرائاتێك ناکەن، دڵنیابە ئێستا ئەوان دەیانەوێ بەرێزیشت لەبەر چاوی خەڵکەکە جۆرێکی تر لێبکەن ، بەڵام زۆر هەڵەن وەك چۆن هەموو ژیانیان هەڵەیە .

چۆن ئامادە نەبووی ئاڵای بەعس لە کوردستان هەڵبدرێ ، ئاواش رازی مەبە جاش و کوڕە ئەنفالچی ببنە واجیهە.